گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شێوازەکانی فێربوون لەلای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا

**بێخاڵ تەها عەلی**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Bexaltaha90@gmail.com

**پ. ی. د. هلز عەنتەر وەلی**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Halliz.walle@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/١٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Learning Styles, History Constrictive learning processes, Achievement Orientation, Strategic Approached*

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.3

## پوختە

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، زانینی شێوازەکانی فێربوونە لە لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوودا،وە زانینی جیاوازی شێوازەکانی فێربوونە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر-مێ)، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیانی کچ و کوڕی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) کە پێکهاتبوو لە (8) قوتابخانەی بنەڕەتی کۆی گشتیان بریتییە لە (1020) قوتابی کە (500) کوڕ، (520)کچ، چاوگە نموونەی توێژینەوە (310) قوتابی بوون، تاقیکردنەوەی سەرەکی کە ژمارەیان (250) قوتابی بوو، (125) قوتابی کوڕ، (125) قوتابی کچ. چاوگەنموونەی تاقیکردنەوەی پەیپێبردنەکە(الاستطلاعية)، ژمارەکەی گەیشتە (60) قوتابیی کوڕو کچ، (30) قوتابی کوڕ، (30) قوتابی کچ، مەبەستیش لەم چاوگەنموونەیە تاقیکردنەوە پەیپێبردنەکە (الاستطلاعية) دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیریی پێوەری شێوازەکانی فێربوونە،توێژەر پێوەری جاري(2015) بۆ شێوازەکانی فێربوون بەکارهێناوە کە پێکهاتووە لە(30) بڕگە، لە دوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆکردنەوەی داتا و ئامارەکان و شیکردنەوە و چارەسەرکردنیان بە بەکارهێنانی پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەتاقیکردنەوەی هەردوو ئامرازی شیکاری ئاماری , (one simple t-test) (Independent-Sample-T-Test) توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە شێوازەکانی فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ئاستێکی بەرزدایە و هەروەها بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر-مێ) جیاوازی نیە لە شێوازەکانی فێربوون.

## بەشی یەکەم

## 1. ناساندنی توێژینەوە

### 1-1 پێشەکی توێژینەوە

گەڕان بە دوای شێوازەکانی فێربوون و ستراتیژییەکان لە ناوچە جیاوازەکان ئەنجامدراوە، بۆ نموونە لە گۆتنبرێگی سوید مارتۆن و سالیجۆ ( Marton & Saljo, 1976- b , p115-127.) هەندێك تاقیکردنەوەیان بۆ توێژینەوەی چۆنیەتی تاوتوێکردنی قوتابیان بۆ ئەرکی خوێندنەوەی دەقێك ئەنجامدا و نێوانی جۆری دەرهاویشتەکانی فێربوون و شێوازەکانی فێربوونیان بە یەکترییەوە بەستەوە کە قوتابی بەکاریاندەهێنێت، بەمەش گەیشتنە دوو شێوازی فێربوون کە بریتین لە: شێوازی قووڵ و شێوازی ڕووکەشانە، ڕامسیدین (Ramsden)یش شێوازی سێیەمی بۆ زیادکرد و ناوی نا شێوازی ستراتیژی، ئەو قوتابیانەی خاوەن شێوازی قووڵن لە فێربوونی بنەڕەتی خاوەنی تێگەیشتن و بایەخدان و چالاکی و توێژینەوەی واتادار و ڕێکخستنی بیرۆکەی نوێ و زانینەکانی پێشوویان و بەستنەوە و گرێدانی زانینەکانیان بە ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، کەچی ئەو قوتابیانەی خاوەن شێوازی ڕووکەشانەن دەست بە هەڵوێستی فێربوونی بنەڕەتی تەواوکردنی داواکارییە گرنگەکان دەکەن و بە جەختکردنەوە و لەبەرکردنی زانیارییەکان دەناسرێن ئەو قوتابیانەی خاوەن شێوازی ستراتیژین نیازیان بەدەستهێنانە لە بەرزترین نمرە کە لە تواناياندا بێت، سەرباری ئەوەی بە توانان لە ڕێکخستنی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کات، ئەو ڕێگایانەی کە بۆ خوێندن بەکاردەهێنریت جۆراوجۆرن، ئەمەش بۆ ئەوەی کە مامۆستایان ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێن کە لەگەڵ ناوەرۆکی فێربوونەکە بگونجێت.

### 1-2 کێشەی توێژینەوە

کرداری فێربوون لەو کردارە بنەڕەتییانەیە کە جێگەی بایەخدانی زۆرێك لە بیرمەندان و پسپۆڕانن لە بواری پەروەردە وفێرکردن، هەروەها کێشەی دابەزین و نزمی ئاستی شێوازەکانی فێربوون لەو کێشە پەروەردەییانەییە کە ڕووبەڕووی بیرمەندانی پەروەردەیی و زانایانی دەروونزانی پەیوەست بە پرسەکانی فێربوون دەبنەوە، چونکە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر ئەوانەی پەیوەندیدارن بە فێربوونی ناوپۆل، هەڵبەتە ئەمەش وادەکات ئاوڕێکی جدی لەم پرسە بدرێتەوە و بایەخی پێبدرێت. ، فێربوون کرداری وەرگرتن و بەدەستهێنانی زانین و بەها و کارامەیی و ئاراستە و ئارەزوو و سۆزدارییەکانە (العیسوی، 1989، 124). لەم ڕەوش و هەلومەرجەشدا، هەر یەکە لە ئینتوستل و هۆنیسل (1979) جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی فێرکردن بهێندرێنەدی، لەسەر قوتابی پێویستە بەرپرسیارێتی فێربوونی و مەشق و ڕاهێنانی لەسەر هەڵبژاردنی باشترین پرۆگرام و ڕێگەی وەبیرهاتنەوە و چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی خودی بگرێتە ئەستۆ، بەمەش گەشەیەکی تەواو لە میانی ساڵەکانی خوێندندا دێتەدی و مسۆگەر دەبێت (Willing. K, 1988 ,p72 ).هەروەها ئینتوستل (Entwistle, 2001)پێیوایە تێگەیشتن لە سروشتی ئەو شێوازانەی کە قوتابیان لە فێربووندا بەکاریاندەهێنن یارمەتی پەروەردەکاران دەدەن لە سەر خولقاندنی ژینگەی فێربوونی نایابتر و لێهاتووانەتر (Entwistle, 2001, p593 ).

### 1-3 گرنگی توێژینەوە

گرنگی شێوازەکانی فێربوون لەوەدایە، کە ڕێگەیەکی سەرەکییە بۆ ڕوودانی فێربوون لای قوتابیان (الکبیسی والداهری، 2000، ص124)، چونکە فێربوون کرداری وەرگرتن و بەدەستهێنانی زانین و بەها و کارامەیی و ئاراستە و ئارەزوو و سۆزدارییەکانە بۆیە وا پێویست دەکات ڕەچاوی ئاستی قوتابی و ئەزموونەکانی پێشووتری بکرێت، بەجۆرێك شێوازە بەکارهێنراوەکانی فێرکردن لە لایەن مامۆستاوە گونجاو بێت بۆ باشترین شێوازەکانی فێربوون لای قوتابی، بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی جیاوازییە تاکە کەسییەکان، (الدشتی، 1989، ص70).

یەك وانە لەوانەیە هەندێکجار زیاتر لە ئامانجێك لەخۆبگرێت، بەڵکو ئامانجی هەمەجۆری دەبێت، چونکە هەمەڕەنگبوون و گرێدان و بەستنەوەی شێوازەکانی فێربوون بە یەکتری و بەکارهێنانیان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەیەکی تەواو، یارمەتی مامۆستا دەدات لە گرتنەبەری ڕێگە جیاوازەکان لە گوتنەوەی وانەکان(Gerlach&Donald, 1971,p32).

شێوازەکانی فێربوون لە بابەتە گرنگەکانی ژیانی تاکن بە گشتی و قوتابیانیش بە تایبەتی، لەبەرئەوەی کرداری بەستنەوەو گرێدانی نێوان لایەنە مەعریفی و ویژدانی و لایەنەکانی بەدەستهێنان لای قوتابی ئەنجامدەدات، لە پێناوی ئەوەی فێربوونی سەرکەوتوو لای قوتابیان بهێنینەدی، ئەوەمان لێ داوادەکات ئەو شێوازانە بزانین کە بە لای قوتابیانەوە باشترینن، ئەمەش پێویستە بەر لە دەستپێکردنی کرداری وانەگوتنەوە بێت، لێرەوە توێژەر درکی بەوەکرد و ئەوەی دۆزییەوە کە پێویستیی بە ئامرازێك هەیە بۆ پێوانەکردنی شێوازەکانی فێربوون.

**1-4 ئامانجی توێژینەوە :**

هەر توێژینەوەیەك کە ئەنجام دەدرێت، ئامانجی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ئەم چەند ئامانجەی هەیە:

1. زانینی ئاستی جیاوازیی بەهاداری ئاماری(0.05) نێوان ئاستی تاکەکانی چاوگە نموونەیی توێژینەوەکە و ناوەندە گریمانەی شێوازەکانی فێربوون و تەوەرەکانی لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو.
2. جیاوازی لە نێوان چاوگە نموونەکانی توێژینەوەکە کە قوتابیانی قوناغی هەشتەمی بنەڕەتین بە پێی گۆڕداوی ڕەگەز (نێر، مێ) لە ڕووی ئاستی شێوازەکانی فێربوون (قووڵ و ڕووکەشیانە و ستراتیژی).

**1-5 سنوری توێژینەوە**

1-5-1 بواری مرۆیی : قوتابیانی (کچ و کوڕ)ی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای هەولێر.

2-5-1 بواری کات :2021-2022

3-5-1بواری شوێن: قوتابخانەکانی سنوری قەزای ناوەندی هەولێر (خوێندنی بەیانیان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-6 دەستنیشانکردنی زاراوەکان

### 1-6-1 شێوازەکانی فێربوون

هەر یەکە لەمانەی خوارەوە بەم جۆرە پێناسەیان کردووە

**(عجاج- 2000)** بەوە پێناسەی شێوازەکانی فێربوون دەکات:

" ئەو شـێوازەییە کە قوتابی لە فێربوون بەکاریاندەهێنێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کرداری فێربوون چی دەوێت، ئەو ڕێگایانەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان بەکاردەهێنرێن، شـێوازی فێربوونن" (عجاج، 2000، ص23).

**(حبشي- 2001)** ئەویش وا پێناسەی دەکات کە بریتییە :

"لەو شـێوازەیە قوتابی بۆ پەیبردن و درکپێکردنی زانیارییەکان و چارەسـەرکردنیان لە کاتی کرداری فێربوون بەکاریاندەهێنێت" (حبشي، 2001، ص234).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر**

ئەو شێوازەیە کە قوتابی بەکاردەهێنێت بۆ درکپێکردنی زانیاییەکان ومامەڵەکردن لەگەڵ زانیاییەکان، ئەم شێوازەش گۆڕانکاری بەسەر دادێ بەهۆی جیاوازی تاکایەتی.

### 1-6-2 پێناسەی مێژوو

هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەی مێژوویان بەم جۆرە کردووە:

**ابن خلدون** (د.ت): بەوە پێناسەی کردووە کە:

" زانستێکە ڕابردوو و هەواڵ و دەنگوباسەکانی دەخوێنێت و سەرنجدەدات و لێکۆڵینەوە و شیکاری لەو هەواڵ و دەنگوباس و ڕووداوانە دەکات". (ابن خلدون، د. ت،ص 34).

**الدوری (1960)** بەوە پێناسەی کردووە:

" گەڕانە بە دوای ڕاستییەکان و تۆمارکردن و شرۆڤەکردنیان و بەستنەوە و گرێدانیان بە یەکترییەوە، واتە کرداری ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەی ئەو ڕاستییانەیە". (الدوری، 1960،ص 15).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:**

ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەکات، سوود لە ڕووداوەکانی ڕابردوو وەردەگرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان لە داهاتوو.

## بەشی دووەم

## 2. چوار چێوەی تیۆری

### 2-1 لایەنی تیۆری

### 2-1.1 شێوازەکانی فێربوون

### 2-1.1.1 چەمکی شێوازەکانی فێربوون

توێژەران لە دەستنیشانکردنی چەمکی شێوازەکانی فێربوون جیاوازن و بە جیاوازیی ئەو بیردۆزانەی کە پشتیشی پێ دەبەستن لە تێگەیشتنیان لە کرداری فێربوون پێناسەی جیاوازیشیان بۆ داڕشتووە، بە جۆرێك کە ئنیتویستل (Entwistle) پێیوایە کە چەمکی شێوازی فێربوون " بۆ وەسفکردنی کردارە ناوەندگیرە هەمە ڕەنگەکان بەکاردەهێنێت، کە فێرخواز لە کاتی کارلێکی لەگەڵ هەڵوێستەکانی فێربوون بەکاریاندەهێنێت. شمك(Schmeck) پێیوایە کە "ڕێگەیەکی دیاریکراوە فێرخواز لە ڕەوش و هەلومەرجی مامەڵەکردنی لەگەڵ زانیاری و داتاکان بەکاریدەهێنێت، ئەوەش لە میانی هەڵوێستی فێربوونی جیاواز بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کرداری فێربوون داوای لێدەکات" (الدردير، 2004، ص159). (عصام نجيب الفقهاه) پێیوایە کە: "پێکهێنانێکی چەمکیانەیە و ڕێگەی پەیبردن و درکپێکردن و وەبیرهاتنەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەستنیشاندەکات و ڕێگەی تاك لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و چارەسەرکردنیان و ئاوێتەکردنیان لە بونیادی مەعریفی و هەڵگرتنی لە یادگەی درێژمەوداو بەکارهێنانی لە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیاندا لەخۆدەگرێت". (الفقهاه، 2002، ص13).

### 2-1.1.2 بایەخی ناسینی شێوازەکانی فێربوون:

ناسین و زانینی ئەو شێوازی فێرکردنانەی قوتابیان پێیان باش و خۆشە لەلایەن مامۆستاوە، کارێکی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخە، چونکە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و چالاکییەکان و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی گونجاو ئاراستەیان دەکات، کە ڕەچاوی شێوازەکانی فێربوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابییەکانی دەکات، زێدەباری ئەوەی زانینی شێوازەکانی فێربوونیش لە لایەن قوتابیانەوە، وای لێدەکات توانای هەڵبژاردنی ئەو ستراتیژییە گونجاوانەی هەبێت، کە بە شێوەیەکی باشتر لە ڕێگەیەوە فێر دەبن، چونکە تێگەیشتن لە فێربوونی قوتابیان بە بەشێکی گرنگ لە کرداری هەڵبژاردنی ستراتیژییەکانی فێربوون دادەنرێت، بەڵام بە داخەوە فێرکردن لە زۆر کاتدا بە ڕێگەی نەریتی و کۆن ئەنجام دەدرێت، کە بە تەواوی تیایدا جیاوازییە تاکییەکانی نێوان قوتابیان و ئەو شێوازی فێربوونانەی بە باشتری دەزانن پشتگوێ دەخەن. (جدید، 2009، ص53).

بۆیە دەبێ کرداری نەخشەسازیکردنی وانەگوتنەوە ڕەچاوی ئەو شێوازی فێرکردنانە بکات و پێویستیش دەکات ڕێگە و شێوازەکان جۆراوجۆر بن، ئەوەش بە مەبەستی ئاراستەکردنی قوتابیان، ئاراستەکردنێکی ئەوتۆ کە دەرفەت لە بەردەم گەشەسەندن و فێربوونیان بکرێتەوە و تا ئەوپەڕی تواناشیان هەوڵی بۆ بدەن. (قطامی، 2004، ص 95) لەمانەی کەباسکران توێژەر ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە، کە شێوازەکانی فێربوون گرنگییەکی زۆری هەیە و سوودەکەی بۆ هەر یەکە لە قوتابی و مامۆستا و نەخشەسازان و داڕێژەرانی پرۆگرامە پەروەردەییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە بە زانینی شێوازی فێربوونی قوتابی، ئاسانکاری بۆ مامۆستاش دەبێت لە ئامادەکردنی وانەکانی و چۆنیەتیی گوتنەوەیان و تێگەیاندنی قوتابیان و ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکە کەسییەکانی نێوان قوتابیان، بۆئەوەی ڕێگەکانی وانەگوتنەوە هەمووان سوودی لێوەربگرن، هەر یەکەو بەپێی توانای خۆی، هەروەها تێگەیشتنی قوتابی و زانینی شێوازەکانی فێربوونی زیاتر لە خوێندنەکەی سەرکەوتووی دەکات، سەرباری ئەوەی هۆکارێکی گرنگیشە بۆ دەستنیشانکردنی بەرهەمەکانی کرداری فێربوون و فێرکردن.

### 2-1.1.3 نموونەی شرۆڤەکاری شێوازەکانی فێربوون:

#### 2-1.1.3.1 نموونەی مەکارتی(McCarthy)

ئەم نموونـــەیە بە (MAT system4) ناودەبرێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتی بە نموونـــەکەی (کۆلب) بـــــەستووە کە تایبەتە بە شێـــــوازەکانی فێربوونەوە، لە بنەڕەتدا ئەم نموونەیە بۆ یارمەتیدانی مامۆستایان دانراوە، لە سەر ڕێکخستنی خوێندن و کرداری فێرکردن بە پشتبەستن بەو جیاوازییـــــانەی نێوان تاکەکان لە ڕێگەکانی فێربوون، لە چوار شێوازیش پێکدێت بریتین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- **شێوازی تێڕامان**

فێرخـــــوازان لێرەدا درك بە زانیـــــارییەکان دەکەن و لە ڕێگەی هەستەکانەوە پەی پێ دەبەن، بە شێوەیـــــــەکی تێـــــڕامانانەش چارەسەری دەکەن، چونکە ئەوان بیرمەندن و لە شتەکان ڕادەمێنن و بـــــاوەڕیان بە تاقیکردنــــــەوە کەسییــەکان هەیە و بە دوای واتاو ڕوونکاریدا دەگەڕێن.

- **شێوازی شیکاری**

فێرخوازان لێرەدا بە شێوەیەکی تیۆری (نظری) درك بە زانیارییەکان دەکەن و پەی پێ دەبەن، بە شێوەیەکی تێڕامانانەش چارەسەریان دەکەن، لە میانی ئاوێتەکردنی نێوان تێبینییەکانیان و ئەوەی پێشتر دەیزانن بیردۆزەکان هەڵدەهێنجێنن، چونکە ئەوان لە ڕێگەی بیرکردنەوەی زنجیرەیی و جەختکردنەوە لەسەر وردەکارییەکان فێر دەبن.

- **شێوازی هەستەوەری**

فێرخوازان لێرەدا بە شێوەیـــــــەکی پەتی (مجرد)، پـــــەی بە زانیارییەکان دەبەن و بە شێوەیەکی کردارییانــــــــەش چارەسەری زانیارییەکان دەکەن، چونکە ئەوان هەردوو لایەنی بیردۆزی و پیـــــــادەکاری (تیۆرو پراکتیك) ی کرداری پێکەوە کۆدەکەنەوە، ئەوەش لە میانی تاقیکردنــــــــەوەی بیردۆزەکان و پیادەکارییە هەستەوەرییەکان، لەبەرئەوەی ئەوان کەسانی کردارین و لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەی چارەی واقعیانە بۆ کێشەکانیان کار دەکەن و تێدەکۆشن.

- **شێوازی دینامیکی**

لێرەدا فێرخوازان لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە پەی بە زانیارییەکان دەبەن و درکیان پێدەکەن، بە شێوەیەکی کردارییانەش چارەسەری زانیارییەکان دەکەن، چونکە ئەوان ئەزموون و پیادەکاری و فێربوون لە میانی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە کۆدەکەنەوە و لە کاتی نەبوونی هیچ پاساوێکی لۆژیکی، توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هەیە، بە زۆریش دەگەنە دەرئەنجامی ورد. (McCarthy, 1990, p 31-33).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-1.1.3.2 نموونەی ڤێرمونت:(Vermont)

ڤێرمونت گریمانـــەی نموونەیەکی بۆ شێوازی فێربوون کرد و نـــــاوی نا (کردارەکانی فێربوونی بونیادگەرایی(Constrictive learning processes) ،) بەپشتبەستن بەباری سەرنجی بونیادگەرایییــــــانەی فێربوونی هــــــاوچەرخ، ئەوەش بە ئامانجی پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی تەواو بۆ فێربوون بە پێی توانا لە میـــــانی هێنانی چــــــــەمکێك لە سەرووی مەعریفەوە و ڕێکخستنی خودی، بە شیکاریی کرداریش گەیشتــــــــــە چوار شێوازی فێربوون و بریتیـــــن لە:

- **شێوازی نائاراستەکراو**

خاوەنی ئەم شێوازە بەدەست کۆمەڵێك ئاستەنگی بواری فێربوونەوە دەناڵێنن و توانای دەستنیشانکردنی ئەو بەشانەیان نییە کە زۆر گرنگ و بایەخدارن لە بابەتەکانی خوێندن، هەروەها لە جیاوازیکردنی نێوان خاڵە سەرەکی و بنەڕەتییەکان و نا بنەڕەتییەکان لەیەك بابەتدا، چالاکییە فێرکارییەکانیش لایان لەسەر خوێندنەوە دووبارە خوێندنەوە ڕادەوەستێت، هەروەها توانای پەیبردن و درکپێکردنی ئەو پەیوەندییانەیان نییە کە لە نێوان بەشەکانی بابەتەکەدا هەیە، سەرباری بێ تواناییان لە سەر پیادە و جێبەجێکردنی ئەوەی لە سەر زەمینەی واقیع فێری بوون، زێدەباری ئەوەی ئەوان بە دەست دوو دڵییەوە دەناڵێنن لە سۆنگەی سەرکەوتنیان لە خوێندن و لاوازیی متمانە بەخۆبوونیان و توانای خوێندنیان.

- **شێوازی ئاراستەکراو بەرەو دووبارە بەرهەمهێنانەوە**

خـــاوەنی ئەم شێوازە کاتێکی درێژ لە دەستنیشانکردنی بەشە زیاتر گرنگەکانی بابەتەکانی خوێندنیان پێویستە، چونکە هێڵ و نیشانەگەلێکی ئەوتۆ دادەنێن کە ئاماژەیە بۆ خاڵی گرنگ لە دەقەکەدا، خۆیانیش بە ئەزبەرکردن و وەبیرهاتنەوەی خاڵە زیاتر گرنگەکانی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەکان پابەند دەکەن، هەر ئـــــەوەش ئامانجی سەرەکییانە و لە پێناویشیدا کات و ڕەنج و توانایەکی زۆر دەبەخشن.

- **شێوازی ئاراستەکراو بەرەو واتا**

خاوەنی ئەم شێوازە جەخت لەسەر تێگەیشتنی واتاکان دەکەنەوە و کەمتریش بایەخ بە وردەکارییەکان دەدەن، بۆیە ئەوان زیاتر بایەخ بە جەوهەرو کرۆکی بابەتەکانی خوێندن و ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەمایانەی کە لەسەری بونیادنراوە دەدەن، هەروەها ئەو چەمکە سەرەکییانەی تێیدایە و ئەو بیردۆزانەی گریمانەکان دەچەسپێنن و دەسەلمێنن، یان ڕەتیان دەکەنەوە ، هەوڵی بونیادنانی وێنەیەکی گشتگیریش دەربارەی ئەو بابەتە دەدەن کە دەیخوێنن، ئامانجی بنەڕەتی و سەرەکیشیان پەرەپێدانی خودی خۆیان و زیاترکردنی زانینەکانیانە وەکو تاکەکەس.

- **شێوازی ئاراستەکراو بەرەو پیادە و جێبەجێکردن**

خاوەنی ئەم شێوازە کۆشش بۆ پیادە و جێبەجێکردنی ئەو زانیارییانە دەکەن کە لە واقیعدا بە شێوەیەکی بیرداری (نظری) بەدەستی دەهێنن، تاکو بیگۆڕن بۆ ئەزموونی کرداری، وەکو: ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کیمیایی دیاریکراو، یان وەسفکردنی وێنەیەك بە وشە تایبەتەکانیان و...هتد، ئەو کەسانەش هەمیشە لە گەڕاندان بە دوای پەیوەستگیریی نێوان ئەو زانیارییانەی کە دەیخوێنن و لە واقیعیشدا هەن، بە ئەزموونی خۆیشیان بە نمووی دیکەوە بەراوردی دەکەن، ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتیشیان بەدەستهێنانی مەعریفەی واقعی و ئەو کارامەییانەیە کە لە کاری ئایندەییاندا یارمەتییاندەدات.(Vermunt, 1996, p32-45) .

### 2-1.1.3.3 نموونەی ئینتوستل:(Entwistl, 1981)

ئەو شێوازی فێربوونەی کە ئینتوستل پێشکەشیکرد، لە سەر بنەمای پەیوەندیی نێوان شێوازەکانی فێربوونی تاك و ئاستی بەرئەنجامەکانی فێربوون بونیاد دەنرێت، بەجۆرێك ئەم نموونەیە سێ ئاراستە لەخۆدەگرێت و گرێدراوی پاڵنەری جیاوازن لێیانەوە دەروازەی فێربوونی دیاریکراو سەرهەڵدەدات و تاك لە هەڵوێستە جیاوازەکانی فێربوون و لە کاتی کرداری فێربوون بەکاریاندەهێنێت، ئەمەش دەبێتە مایەی ئاستە جیاوازەکانی تێگەیشتن، گرنگترینی ئەو ئاراستانەی کە دەروازە جیاوازەکانی فێربوون لێیەوە بەرهەمدێن بریتین لە:

- **ئاراستە بەرەو واتای کەسی :(Personal Mening Orientations)**

لێیەوە دەروازەی قووڵی فێربوون سەرهەڵدەدات و دێتەئاراوە، ئەوەش کاتێك پاڵنەرێتی تاك ناوخۆیی دەبێت، بەجۆرێك تاك لە کاتی فێربوونی وەسفی گشتیی ئەو ناوەڕۆکە دەکات کە فێریان دەبێت و زانیارییە نوێیەکانیش دەگەڕێنێتەوە و لەگەڵ زانیارییەکان و ئەزموونەکانی پێشووتر

دەیانبەستێتەوە، هەروەها جەختکردنەوەی ئاگایی لەسەر هەندێك لە بەشی بەڵگەکان و پاشان بەستنەوەی بەڵگەکان بە کۆتاییەکەیەوە، بەمەش ئاستی قووڵی تێگەیشتن ڕوودەدات و پێکدێت و پاڵنەرێتییەکەش دەبێتە ناوخۆیی.

- **ئاراستە بەرەو دووبارە بەرهەمهێنانەوە :(Reproducing orientations)**

لەمەیاندا پاڵنەرێتی تاك دەرەکی دەبێت و تاك لە میانی کردارە جیاوازەکانیدا جەخت لەسەر بەشەکانی بەڵگەکان و هەنگاوەکان و سەلماندنەکان دەکاتەوە، زێدەباری بەستنەوەی بەڵگەکان بە کۆتاییەکەی، کە ئەمەش دەبێتە مایەی تێگەیشتنێکی ناتەواو، کاتێك پاڵنەرێتی دوودڵی و ڕاڕایی دەبێت و ڕێبازەکەش دیاریکراو دەبێت، فێربوونەکە ڕووکەشانە دەبێت و دەبێتە فێربوونی باو، لە کاتی کرداری فێربوونیش وەبیرهاتنەوەو تێکچڕژان (تذکر و تداخل) ڕوودەدات و دەبێتە ئاستێکی ڕووکەشانەی تێگەیشتن.

- **ئاراستە بەرەو بەدەستهێنان :(Achievement Orientation)**

لێرەدا پاڵنەرێتی ئاوات و خواستی سەرکەوتن و متمانە بەخۆبوونی دەبێت، شێوازەکەش ڕێکخستن و ئاراستە بەرەو بەدەستهێنان دەبێت.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاراستانەش قوتابیان لە کاتی فێربوونیان سێ قۆناغ بۆ فێربوون بونیاد دەنێن کە بریتین لە :

-دەروازەی قووڵ(Deep Approached) ، و دەروازەی ڕووکەشانە(Surface Approached) و دەروازەی ستراتیژی (Strategic Approached) (غنیم، 2006، 136).

## 2-1.1.4 هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر جیاوازیی شێوازەکانی فێربووندا:

- **جیاوازی تاکایەتی**

جیاوازی تاکایەتی بە بەڵگەی جیاکردنەوەی شێوازەکانی فێربوون دادەنرێت، جیاوازی تاکایەتی لە چرکەساتی لە دایکبوونی منداڵەوە پەیدا دەبێت و سەرهەڵدەدات، لەگەڵ خێرایی گەشەسەندنیدا ئەو جیاوازییە تاکایەتیەش زیاتر ڕووندەبنەوە. (عبدالقادر، 1974، ص284)، لێکۆڵینەوەی جیاوازییە تاکایەتیەکان، خۆی لە ناسینی ئەنجامەکانی کاری مەعریفیی تاکدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبینێتەوە، کرداری فێربوونیش بە سەرچاوەی بەدەستهێنانی دەستـــــەبەری مەعریفی و بزووێنـــــەری گەشەپێدانی توانستە عەقڵییەکانیان دادەنرێت. لە ژیانی قوتابخانەدا تێبینی جیاوازییــــە تاکایەتیەکان بە ئاشکرا لە نێوان قوتابیاندا دەکەین، لە ڕووی بەدەستهێنانی خوێندنەوە دەبینین جیاوازییەکانیان لە خێرایی تێگەیشتن و وەرگرتنی بابەتەکاندایە، ئەوانە هەمیشە لە سەرکەوتووەکانن، ئەوەی بە سستیش تێبگات، پێویستی بە دووبارەکردنــــەوەی زیاتری بابەتــەکان هەیە، تاکو لێیان تێبگات و ئەوانە زۆر تووشی کەوتن و دەرنەچوون و مانەوە لە پۆلدا دەبن، بەمەش دەردەکەوێت کە جیاوازی لە نێوان تاکەکاندا هەیە. (منسی واخرون، 2002، ص372).

### - هۆکاری ژینگەیی

مەبــەست لە هۆکاری ژینگەیی کاریگەریی ژینگەیـــە کە هەموو ئاماژەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی دەوراندەوری تاکیــــان داوە، (الدیدی) جەخت لەسەر ئەم ئاراستەیە دەکاتەوە، کاتێك دەڵێت: جیاوازییە تاکییــــەکانی نێوان منداڵان بە هۆی کاریگەرییەکانی دەوروبەریانــــەوە زیاددەکات، چونکە گەشــــەسەندن وایــــان لێدەکات لە دۆخی جیاوازی نەبوونەوە بگۆڕێن بۆ جیاوازیبوون لە یەکتری (الدیدی، 1997، ص50).

بەوپێیە کە ژینگەی قوتابخانەیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهێنانی کەسایەتیی منداڵ و باشترکردنی توانای دەستــــەبەری مەعریفی و چارەســـــەری لایەنە کەموکوڕییەکانی دەکات، هەروەها بەهرەکانی بیرکردنــــەوە و توانا عەقڵییەکانی زیاتر گەشە پێ دەدات، لەوانەش گشتاندن و بەرئـــــەنجامگیری و شیکردنەوە و داهێنان و بیرکردنـــەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکان (قطامی وقطامی، 2001، ص382).

### -هۆکاری بۆماوەیی

بۆماوەیی ئــــەوپەڕی توانای فێربوون دەستنیشاندەکات، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو توانایەی تاك هەیـــەتی لە پێکهێنانی توانستەکان و توانای فێربوونی، کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت و بە شێوەیەکی بۆماوەیی لە تاکدا بەرجەستـــە بووە و بۆی ماوەتەوە، ئەوەش لە ســــەر بنەمای بۆماوەییە جۆرییەکان کە منداڵ لە باوانییــــەوە بۆی دەمێنێتەوە، لە ڕێگەی گواستنەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەسڵەتەکانەوە، ئەمەش بە ناوی زانستی بۆماوەییـــــــەوە دەخوێندرێت، چونکە بەشێکی زۆر لە جیـــــاوازییەکانی تایبەتمەندییەکانی سیماو خەسڵەتـــــە دەروونی و عەقڵییەکان و بەوەدا تێدەپـــــەڕن کە پێیدەگوترێت .DNA دیارترینی ئەو لێکۆڵینەوانـــــەی تاووتوێی هۆکارەکانی بۆماوەیی کردووە لە بابـــــەتێك کە پەیوەستە بە فێربوونەوە، بابەتی زیرەکییە، ئەمەش (خیری المغازی عجاج) ئاماژەی پێیداوە، کاتێك دەڵێت: (لێکۆڵینەوەکانی "هیرندون، 1945" کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی سەلماندنی دیاریکراوەکان و حەتمیەتی بۆماوەیی زیرەکیی داوە، بـــــە ڕێگەیەکی ئاماری بە ئەژمارکردنی پەیوەندیی باوی نێوان پلەکانی خزمایەتی و ئاستی زیرەکی، لە کۆتاییشدا گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە کاریگەریی بۆماوەیی لەسەر ئاستی زیرەکی لە نێوان (50-75%)دایە. (عجاج، 1998،ص 37- 38). بۆمـــــاوەیی ڕێگەی بە پێکهێنانی لێهاتوویی ڕەفتار و لێهاتوویی ڕێکوپێکی دەدات لە وێنەیەکی دیاریکراودا، واتە بە هۆی پێکهاتە بۆماوەییەکانەوە دەکرێ پێشوەختە توانا و لێهاتوویی سەرەتایی بۆ پێکهێنانی شێوازی فێربوونی گونجاو دەستنیشانبکرێت.

## 2-1.2 چەمك و گرنگی بابەتی مێژوو

مێژوو لێکۆڵینەوەیە لە پێشکەوتنی مرۆڤ لە تەواوی بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، هزر و گیانەوە، لەگەڵ دیاریکردنی نیشانەکردنی پێشکەوتنی دیارەدەکان و ئاراستەکانی (الشیخ،1998،ص7).

مێژوو ئاماژەیە بۆ تۆماری شارەزاییەکانی مرۆڤ، کەوا دەرکیان پێکردووە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە سیاسیەکانی بە درێژایی چاخەکان، مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری مێژوو بێت لە بەرئەوەی لە ڕابردوودا پێوەی نالاندووە و ئێستا چارەسەری دەکات لە ئەنجامدا کۆمەلێك پەند و وانەی لێوەردەگرێت، بەمەش مرۆڤ شرۆڤەی ئێستا دەکات لە سەر بنەمای ئەو کێشە و گرفتانەی کە پێیدا تێپەریوون لە ڕابردوو(نبهان،2004،ص12).

بابەتی مێژوو یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، چونکە بابەتی مێژوو پێشەنگی هەموو بابەتەکانی تری خوێندنە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی بواری مەعریفەت دادەنرێت لە بونیادنانی نەوەکان، لە بەرئەوەی پەیوەستە بە مرۆڤەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ژیان و کارلێك و پەیوەندیەکانی مرۆڤ و بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەکان لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو.(الغرباوي،2006،ص83-84).

بابەتی مێژوو گرینگی هەیە لەدروستکردنی کەسایەتی و ئاگاداربوونیان لەمێژووی نەتەوەیی ومێژووی شارستانیان، جگە لەوە مێژوو دەتوانرێ سوودی لێوەرگیرێ لەلایەنی ڕەوشتییەوە،بەتایبەتی لەفراوانکردنی بیرکردنەوەی خەڵکی و ڕاهێنانیان لەسەر فەرمانڕەوایی کردندا، سوودی ڕفتاری خوێندنی بابەتی مێژوو وادەکات زیاتر بایەخ و بەهای هەبێت لەڕووی پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕفتاری(مصطفى،2014،ص24).

مێژووی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامی گرینگی و بایەخی هەیە بەتایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە پەیڕەوکەرانی ئاینی ئیسلامن، چونکە پێویستیان بەوە هەیە زانیارییان هەبێت دەربارەی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام و چۆنیەتی فراوانبوونی و بەرێوەچوونی فتوحاتی ئیسلامی .....هتد .

## بەشی سێیەم

## 3. ڕێکارەکانی توێژینەوە

### 3-1 ڕێبازی توێژینەوە

توێژەر ڕێبازی وەسفی بۆ توێژینەوەکەی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا دەگونجێت.

### 3-2 کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە ێ بریتییە لە قوتابیانی کچ و کوڕی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆساڵی خوێندنی (2021-2022) کە پێکهاتبوو لە (8) قوتابخانەی بنەڕەتی کۆی گشتیان بریتییە لە (1020) قوتابی کە (500) کوڕ، (520)کچ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(1): قوتابخانە و قەبارەی كۆمەڵگە و چاوگەنموونەی توێژینەوە

| قوتابخانەکان | چاوگە نموونە | | کۆمەڵگە | |
|---|---|---|---|---|
| | مێ | نێر | نێر | مێ |
| دیاری بنەڕەتی کچان | 31 | // | 500 | 520 |
| بەیداغی بنەڕەتی کچان | 31 | // | | |
| نیگای بنەڕەتی کچان | 31 | // | | |
| شادانی بنەڕەتی کچان | 32 | // | | |
| زاگرۆسی بنەڕەتی کوڕان | // | 32 | | |
| کاروانی بنەڕەتی کوڕان | // | 31 | | |
| سەرکەشی بنەڕەتی کوڕان | // | 31 | | |
| ئاسۆی بنەڕەتی کوڕان | // | 31 | | |
| شۆخانی بنەڕەتی کچان | 30 | // | | |
| سەربەستی بنەڕەتی کوڕان | // | 30 | | |
| کۆی گشتی | 155 | 155 | 1020 | |
| | 310 | | | |

## 3-3 چاوگەنموونەی توێژینەوە

چاوگەنموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراوە، بە جۆرێك کە ژمارەی چاوگەنموونە هەڵبژێردراوەکە لە قوتابخانە دەستنیشانکراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (310) قوتابی بوو، چاوگەنموونەی تاقیکردنەوەی سەرەکی کە ژمارەیان (250) قوتابی بوو، (125) قوتابی کوڕ، (125) قوتابی کچ. چاوگەنموونەی تاقیکردنەوە پەیپێبردن(الاستطلاعیة)، ژمارەکەی گەیشتە (60) قوتابیی کوڕو کچ، (30) قوتابی کوڕ، (30) قوتابی کچ، مەبەستیش لەم چاوگەنموونەیە تاقیکردنەوە پەیپێبردنەکە (الاستطلاعیة) دەرهێنانی ڕاستگۆیی و سەلماندن و جێگیریی پێوەری شێوازەکانی فێربوون بوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(2): دابەشکردنی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە و ڕێژەی سەدی دەردەخات

| چاوگەنموونە | چاوگەنموونەی تاقیکردنەوەی پەیپێبردن | | چاوگەنموونەی تاقیکردنەوەی سەرەکی | |
|---|---|---|---|---|
| | راستگۆیی و جێگیری پێوەری شێوازەکانی فێربوون | | | |
| ڕەگەز | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ژمارە | 30 | 30 | 125 | 125 |
| کۆی گشتی | 60 | | 250 | |
| % ڕێژەی سەدی | 5.89% | | 21.36% | |
| ژمارەی گشتی چاوگە نموونە | 310 | | | |
| % ڕێژەی سەدی چاوگە نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | 27.25% | | | |

### 3-4 ئامرازی توێژینەوە

بە هۆی سروشتی توێژینەوەکەوە، توێژەر بەشێوەیەکی بنەرەتی پشتی بەستووە بە ئامرازی ڕاپرسی بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی توێژینەوەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕاپرسی پێوەری شێوازەکانی فێربوون.

### 3-4.1 پێوەری شێوازەکانی فێربوون

توێژەر ئەم پێوەرەی بە ئامادەکراوی لە توێژینەوەی (جاري 2015) وەرگرتووە کە هەر یەکە لە ئینتوستل و تایت (1994) (Entwistle & Tait) ئامادەیان کردووە و (دۆف)یش (Duff,1997) هەمواری کردۆتەوەو گەیشتۆتە وێنەی کۆتایی کە لە (30) بەند پێکهاتووە. وەڵامی ئەم بەندانە بەپێی پێوەری پێنجینەیی (خماسی) دەدرێتەوە کە بریتین لە (بە تەواوی ڕازیم- تا ڕادەیەك ڕازیم- دڵنیا نیم- تا ڕادەیەك ڕازی نیم- بە تەواوی ڕازی نیم)، یەکە ئەرێنییەکانی (5، 4، 3، 2، 1) یەك لە دوای یەك دەدرێت، بە پێچەوانەوەشەوە لە یەکە نەرێنییەکان (المفردات السلبیە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3-5 ڕاستگۆیی پێوەر

### 3-5.1 ڕاستگۆیی ڕووکەشی (شارەزاییان)

پێوەرەکە خرایە بەردەستی کۆمەڵە شارەزا و پسپۆڕ لە بواری ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و پێوانەوهەڵسەنگاندن و دەروونزانی و مێژوو بۆ دەرخستنی شیاوی بڕگەکانی پێوەرەکە لەگەڵ سروشتی لێکۆڵینەوەکە و ئاستی گونجانی لەگەڵ تاکەکانی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە، ئەوەش لە میانی بەکارهێنانی یاسای (x2) بۆ بەراورکردنی نێوان ئەوانەی ڕەزامەندییان دەربڕیوە و ئەوانەی ڕەزامەندییان دەرنەبڕیوەو ڕێژەی سەدی، ئەنجام دەرکەوت کە هەموو بڕگەکان شیاو و گونجاون لەگەڵ چاوگەنموونەی توێژینەوەکە.

### 3-5.2 ڕاستگۆیی جیاوازیکردن

پێوەرەکە لە سەر چاوگەنموونەیەکی گەڕان و کنەکاری (الاستطلاع) پیادەو جێبەجێکرا کە بریتی بوو لە (60) قوتابی، دوای بەدەستهێنانی وەڵامەکانی چاوگەنموونەکە، بۆ دوو کۆمەڵەی دژبەیەك دابەشکران، بە داکەوتەی (30) قوتابی بۆ هەر کۆمەڵەیەك، بە مەبەستی ئەنجامدانی بەراورداکاریی پەڕگیرانە (الطرفیە) لە نێوان تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەکە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ چاوگەنموونە سەربەخۆکان، ئەنجامەکانیش ئەوەیان دەرخست کە بەهای چاوەڕوانکراو (sig) بۆ هەموو بڕگەکان بچووکتر بوو لە (0.05)، ئەمەش بەڵگەی ڕاستگۆیی بڕگەکانی پێوەری شێوازەکانی فێرکردنی دەرخست لە توانای لەسەر جیاوازیکردنی نێوان تاکەکانی هەردوو کۆمەڵەکە.

### 3-5.3 ڕاستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی

توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆنی بۆ دەرهێنانی پەیوەندی پەیوەستگیریی نێوان نمرەکانی هەر بڕگەیەك و نمرە گشتییەکانی پێوەرەکە بەکارهێنا، ئەوە دەرکەوت کە هەموو بڕگەکانی پێوەرەکە بەهاداری ئامارین، چونکە بەهای چاوەڕوانکراو (sig) بچووکتربوو لە (0.05) لە ئاستی نمرەی ئازادی (58)، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیەکە بۆ ڕاستگۆیی بڕگەکانی پێوەرەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-6 جێگیری پێوەری شێوازەکانی فێرکردن

بۆ دڵنیابوون لە جێگیری و دڵنیایی پێوەرەکە پشت بەسێ رێگە بەسترا بۆ دەرهێنانی، هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ و هاوکۆلکەی سپێرمان براون و هاوکۆلکەی جێتمان بۆ جێگیری، بەهای جێگیری و دڵنیاییەکە بەمجۆرە بوو (0.83 -0.756 – 0.752)، ئەم بەهایانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی پێوەرەکە ئاست و پلەیەکی جێگیریی بەرزی هەیە.

خشتەی (3): جێگیری و دڵنیایی پێوەری شێوازەکانی فێرکردن دەردەخات

| جێگیری / پێوەر | چاوگە نموونە | ژمارەی برگەکان | Cronbach's Alpha | Spearman-Brown | Guttman |
|---|---|---|---|---|---|
| شێوازەکانی فێربوون | 60 | 30 | 0.83 | 0.756 | 0.752 |

### 3-7 ئامرازە ئامارییەکان

توێژەر بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئەم ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە:

1- Independent – Samples t test
2- One– Samples t test
3- Chi – square
4- j-Cooper
5- Alpha - Cronbach
6- Guttman test
7- Sperman-Brwone

SPSS VERSION 26

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی چوارەم

## 4. خستەرووی خشتە و شیکردنەوە و گفتوگۆی ئەنجامەکان

### 4-1 خستنەڕوو و شیکردنەوە و گفتوگۆی ئەنجامەکانی پەیوەست بە گریمانەی یەکەم

"جیاوازی بەهاداری ئاماری (0.05) نییە لە نێوان ئاســتی تاکەکانی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە و ناوەندە گریمانەی پێوەری شێوازەکانی فێربوون و تەوەرەکانی "

خشتەی (4): ئاستی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە لە پێوەری شێوازەکانی فێربوون و بەراوردکردنی ناوەندە گریمانەیی دەردەخات

| تەوەری شێوازەکانی فێربوون | ناوەندە گریمانەی | t. test | sig | بەهادار ی ئاماری | لولدانی خێرا | ناوەندە گریمانەیی | t. test | Sig | بەهاداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قووڵ | 250 | 42.76 | 3.173 | -0.26 | 0.16 | 30 | 63.57 | .000 | بەهادارە |
| رووکەشی | 250 | 37.63 | 4.589 | -0.55 | -0.007 | 30 | 26.29 | .000 | بەهادارە |
| ستراتیژی | 250 | 42.86 | 3.429 | -0.22 | -0.20 | 30 | 59.29 | .000 | بەهادارە |
| نمرەی گشتی | 250 | 123.25 | 6.89 | -0.55 | 0.99 | 90 | 76.22 | .000 | بەهادارە |


لە خشتەی (4) دەردەکەوێت کە بەهای چاوەڕوانکراو(sig) ی تاقیکردنەوەی تائی (t) گەیشتە (.000) بۆ تەوەری شێوازەکانی فێربوونی قووڵ و ڕووکەشیانە و ستراتیژی کە بچووکتر بوون لە (0.05)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ بوونی جیاوازیی بەهاداری ئاماری نێوان ناوەندەی چاوگەنموونەی تەوەری شێوازەکانی فێربوون و ناوەندەی گریمانەیی، بە پێداچوونەوەی ناوەندە هەژمارییەکانی چاوگەنموونەی توێژینەوەکەش لە تەوەری شێوازەکانی فێربوونی قووڵ و ڕووکەشیانە و ستراتیژی بەدوای یەکتردا گەیشتنە (42.76 – 37.63 – 42.86)، ئەمەش ئەوەی ڕوونکردەوە کە لە ناوەندە گریمانەکە گەورەترە کە بەهاکەی (30)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی جیاوازییەکە لە بەرژەوەندیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەندەی چاوگەنموونەکەدایە. هەروەها لە خشتەکەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەهای چاوەڕوانکراو (sig)ی تاقیکردنەوەی (t) گەیشتە (.000) لە نمرەی گشتی پێوەری شێوازەکانی فێربوون کە بچووکترە لە (0.05)، ئەمەش بۆبوونی جیاوازیی بەهاداری ئاماری دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ناوەندە هەژماری چاوگەنموونەکە گەیشتە (123.25) گەورەتربوو لە ناوەندە گریمانە کە گەیشتە (90)، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندیی ناوەندەی چاوگەنموونەکە.

ئەنجامی ئەو شیکردنەوە ئامارییانەی کە توێژەر بۆ زانینی ئاستی تاکەکانی چاوگەنموونەی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر، ئەنجامیداوە، ئەوەیان دەرخستووە کە وەڵامدانەوەی قوتابیان سەبارەت بە بڕگەکانی پێوەری شێوازەکانی فێربوون (قووڵ، ڕووکەشانە، ستراتیژی) بە نمرە و ئاستێکی بەرز بوووە. شێوازی ستراتیژیش لە پێشەوە و دواتریش قووڵ و ئینجا ڕووکەشانە. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ڕۆڵی ڕاستەقینە و چاوەڕوانکراوی قوتابخانەکاندا گونجاوە، لە بەهێزکردنی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز لە تاقیکردنەوە ڕۆژانەیی، یان کۆتاییەکان لە لایەن قوتابیانەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە نمرەی بەرز لە قۆناغە کۆتاییەکان، ئەوەش بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوتی خوێندنی ئایندەیی و تایبەتمەندی و پسپۆڕییان لە زانکۆ. بۆ ئەمەش شێوازی قووڵ لە ڕیزبەندی دووەم هات، ئەم ئەنجامەش لەگەڵیدا دەگونجێت، لەگەڵ ئەوەی هەر کەسێك پێویستی بە نمرەی بەرز و ئاستی پێشکەوتوو هەبێت، پێویستە لەسەری زیاتر لە خوێندن و لێکۆڵینەوە لە واتاو زانیارییەکان و شرۆڤەکردن و شیکردنەوەیان قووڵببێتەوە. شێوازی ڕووکەشانەش لە ڕیزبەندی سێیەم هات، ئەم ئەنجامەش بەوە شرۆڤە دەکرێت، کە زۆربەی قوتابیان لە قوتابخانەکان ئەم شێوازە بەکاردەهێنن و لەوانەیە دەستبەرداربوون و وازهێنانیش لێی کارێکی زەحمەت بێت، بەڵام هەر سێ شێوازەکە لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ و ئاوێتەن و بە شێوەی جیاوازیش بەکاریاندەهێنن، بەڵام یەکێکیان بەپێی هەلومەرجەکە گونجاو دەبێت و هیچ شێوازێکیان بە تەواوی لە دوو شێوازەکەی دیکەیان جیاوازو سەربەخۆ نابێت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی عطاری (2002)دا دەگونجێت، کە ئاماژە بەوە دەکات ئەو شێوازەی زۆرترین بەکارهێنراوە، شێوازی ستراتیژییە ئینجا قووڵ دواتریش ڕووکەشی. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی الشلیوی (2010)دا جیاوازە، کە ئاماژە بەوە دەکات زۆرترین شێوازی بەکارهێنراو، شێوازی قووڵ، ستراتیژی ئینجا شێوازی ڕووکەشیانە. بەمەش توێژەر گریمانەی (صفری) ڕەتدەکاتەوە و گریمانەی (جێگرەوە )پەسەند دەکات. شێوەی (1) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی(1): ناوەندە تەوەری شێوازەکانی فێربوون ڕووندەکاتەوە بە بەراورد بە ناوەندە گریمانەییەکان

خستنەڕوو و شیکردنەوەو گفتوگۆی ئەنجامەکانی پەیوەست بە گریمانەی دووەم "جیاوازی بەهاداری ئاماری لە پێوەری شێوازەکانی فێربوون و تەوەرەکانی نێوان تاکەکانی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە نییە لە ڕووی گۆڕدراوی ڕەگەز (نێر- مێ).

خشتەی(5):جیاوازیی پێوەری شێوازەکانی فێربوون و تەوەرەکانی نێوان تاکەکانی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە لە ڕووی گۆڕدراوی ڕەگەزەوە


| تەوەری شێوازەکانی فێربوون | ڕەگەز | چاوگە نموونە | س ـ | ±ع | لوولی | لوولدانی خێرا | t.test | sig | بەهاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قووڵ | نێر | 125 | 42.6880 | 2.7807 | -0.10 | -0.18 | 0.35 | .72 | بەهادار نییە |
| | مێ | 125 | 42.8320 | 3.5326 | -0.37 | 0.15 | | | |
| | نێر | 125 | 37.6560 | 4.0143 | -0.60 | 0.25 | | .93 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| رووکەشیانە | مێ | 125 | 37.6080 | 5.1162 | -0.52 | -0.29 | 0.08 | | بەهادار نییە |
| ستراتیژی | نێر | 125 | 42.9520 | 3.0370 | -0.18 | 0.01 | 0.42 | .67 | بەهادار نییە |
| | مێ | 125 | 42.7680 | 3.7912 | -0.21 | -0.45 | | | |
| | نێر | 125 | 123.2960 | 6.3639 | -0.06 | -0.55 | 0.10 | .92 | بەهادار نییە |
| | مێ | 125 | 123.2080 | 7.4186 | -0.85 | 1.74 | | | |

لە خشتەی (3) ڕووندەبێتەوە کە بەهای چاوەڕوانکراوی (sig) تاقیکردنەوەی تائی (t) بۆ هەر سێ تەوەری (قووڵ- ڕووکەشیانە- ستراتیژی)و نمرەی گشتیی پێوەرەکە یەك لە دوای یەك گەیشتە (.92-.67-.93-.72)، ئەمەش گەورەترە لە (0.05)، ئەم ئەنجامەش بەڵگەیە بەوەی جیاوازیی بەهاداری ئاماری نییە بەپێی گۆڕدراوی ڕەگەز( نێر، مێ) لە هەر سێ تەوەرەکە و نمرەی گشتی پێوەری شێوازەکانی فێربوون، هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەکە نەبوونی جیاوازیی لە ناوەندە نمرەی تاکەکانی چاوگەنموونەی توێژینـــەوەکە دەریخست لە شێوازی فێربوون و ڕووکەشیـانە و قووڵ و ستراتیژی لەبەر ڕۆشنایی گۆڕدراوەکانی ڕەگەز، ئەمەش لەگەڵ ئـــەوەدا ڕێکو گونجاوە کە لە توێژینەوەکەی ( Siddiqui 2006 )لە پاکستاندا هـــاتووە، کە ئاماژە بە نەبوونی جیاوازی لە شێوازەکانی فێربوون دەدات بەپێی نموونەی ئەنتۆستل &دایت کە لەم توێژینـــــەوەیەی ئێستـــا پشتی پێ بەستراوە، لەبـــەر ڕۆشنایی گۆڕدراوی ڕەگەز، ئەوەش لە ســـۆنگەی ئەوەی شێـوازەکانی فێربوون بەپێی ئەم نموونەیە شتێك نییە جگە لە ڕێگەیەکی فێربوون و چارەسەرکردنی زانیارییەکان، لەبەرئەوەی تاکەکانی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە، وێڕای جیاوازیی ڕەگەزییان، هەموویان قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتین و هەمان پرۆگرام دەخوێنن، ئەمە جگـــە لە سرووشتی کردارە عەقڵی و مەعریفییەکان لای تاکەکانی هەردوو ڕەگەز هاوشێوەیە،، بەمەش توێژەر گریمانەی (صفری) پەسەند دەکات. شێوەی (2) ئەوە ڕووندەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی (2): جیاوازیی نێوان نێرو مێ لە تەوەرەکانی پێوەری شێوازەکانی فێربوون ڕووندەکاتەوە

## بە شی پێنجەم

## 5. دەرئەنجام و ڕاسپاردە وپێشنیار

### 5-1 دەرئەنجام

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی خاوەن ناوەندە ژمارەی بەرزترن لە ناوەندە گریمانەیی لە هەموو تەوەرەکانی شێوازی فێربوون.واتا شێوازەکانی فێربوون(قووڵ، ڕووکەشی، ستراتیژی)، لەئاستێکی بەرزدایە.
2. نەبوونی جیاوازی لە شێوازەکانی فێربوون(قووڵ، ڕووکەشی، ستراتیژی) لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەپێی گۆڕدراوی ڕەگەز (نێر- مێ) .

### 5-2 ڕاسپاردە

1. سازدانی خولی مەشق و ڕاهێنان و ووۆرکشۆپ بۆ ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە و ڕاهێنانیان لەسەر ئامادەکردنی چالاکی وانەگوتنەوە کە شێوازەکانی فێربوونیان گەشە پێدەدات و بەهێزی دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. جەختکردنەوە لە سەر جۆراوجۆرکردنی شێواز و ڕێگەکانی وانەگوتنەوە و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کە تیایدا بە دوای ئەو هۆیانە دەگەڕێت کە قوتابیان دەیگرنەبەر لە شێوازە ناکاراکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان.

## 5-3 پیشنیار

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەوتۆ کە تاووتوێی شێوازەکانی فێربوون بکات لە سەر ئاستی قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان
2. ئەنجامدانی توێژینەوەییەك بە ناونیشانی پەیوەندی شێوازەکانی فێربوون بە(بیرکردنەوەی پێچەوانەیی، ئاڕاستەی قوتابی).

## سەرچاوەکان

لیستی سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

-ابن خلدون،عبدالرحمن محمد(د.ت).مقدمة ابن خلدون . ط1، مكتبة المثنى، بغداد، العراق.

-بشيري, عفاف بشيري(2014). الخصائص السيكومترية للنسخة المعربة لاستبيان أساليب التعلم ل" مارسيا كونر،كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية. جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي .

-جديد، لبنى(2009). أسلوبا التعلم وعلاقتهما بعدد من المتغيرات الشخصية دراسة مقارنة بين أسلوبي المعالجة السطحية والعميقة على عينة من طلاب جامعتي دمشق والبعث. رسالة دكتوراه (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة دمشق.

-حبشي،نجدي ونيس (2001). تفضيلات طلاب لدراسات العليا بكلية التربية جامعة المينا لآساليب التعلم في ضوء نموذج الدراسة واستراتيجيات التعلم. مجلة علوم التربية، قطر.

-الدردير، عبد المنعم (2004).دراسات معاصرة في علم النفس المعرفي .ط(1) ، جزء(1) ، القاهرة: عالم الكتب.

-الدوري، عبدالعزيز(1960). نشأة علم التاريخ عند العرب. مطبعة بيروت، لبنان.

-الديدي، عبد الغني(1997 ). قياس وتحسين الذكاء عند الأطفال. بيروت: دار الفكر اللبناني.

-الشلوي، علي( 2010) . أساليب التعلم وأساليب التفكر وعلاقتها بالتحصيل الدراسي لدى عينة من طلاب -- جامعة الطائف في ضوء تخصص الطالب ومستواه الدراسي. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك، الأردن .

-الشيخ، رأفت عنيمي(1998). فلسفة التاريخ . ط1، القاهرة،مصر: دارالثقافة للتوزيع و النشر،

-عبدالقادر، بن محمد(1974). دروس في التربية وعلم النفس. الجزائر: سلسلة مدير التكوين المهني

خارج المدرسة، المديرية الفرعية لتكوين .

-عجاج، خيري المغازي(1998). الفروق الفردية والقياس النفسي. مكتبة زهراء الشرق، مصر.

-عجاج،خيري بدير(2000).اساليب التعلم الخبراتي لكلوب. مجلة البحث في التربية علم النفس،مجلد(14)،عدد . (4)

-عطاري، عارف( 2002). منحى التعلم المفضل والمستخدم لدى طلبة الجامعة الإس المية العالمية-ماليزيا. المجلة التربوية، مجلس النشر العلمي، جامعة الكويت، المجلد(16)، العدد (63)

-العيسوي، عبد الرحمن .(1989 )علم النفس الفسيولوجي . بيروت: دار النهضة.

-الغرباوي،محمد عبدالعزيز(2006). نظريات التعلم و التعليم. ط1، عمان،الاردن: مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع .

-غنيم، محمد احمد إبرايم (2006). التنبؤ بأهداف التحصيل والتحصيل الدراسي من خلال عمليات الدراسة واستراتيجيات التعلم. مجلة علوم التربية، العدد(10)، قطر .

-الفقهاء، عصام نجيب .(2002) أنماط تعلم طلبة المدارس الثانوية التابعة لمديرية تربية عمان الثانية في الأردن وعلاقتها بمتغيرات (الجنس، التخصص، مستوى التحصيل الدرا سي، ودخل الأسرة). مجلة دارسات العلوم التربوية، المجموعة 92، العدد 1.

-قطامي، نايفة (2004). مهارات التدريس الفعال. ط1، عمان: دار الفكر.

-قطامي، يوسف، وقطامي، نايفة ( 2001). سيكولوجية التدريس. عمان: دار الشرق.

-الكبيسي، وهيب مجيد، الداهري،صالح حسن احمد(2000) .علم النفس العام.مطبعة التعليم العالي، بغداد.

-الدشتي ،عبد العزيز علي.(1989)التعليم تكنولوجيا . مكتبة فلاح ، الكويت.

-مصطفى،فرهاد خالد(2014). فاعلية خطة كلير في التحصيل المعريفي للمواد الاجتماعيات-التاريخ و التنمية الدافعية لدى طالبات الصف الثامن الاساسي .جامعة صلاح الدين،كلية التربية الاساسية، اربيل-اقليم كوردستان، عراق.

-منسي، محمود عبد الحليم، وآخرون (2002). علم النفس التربوي والفروق الفردية للأطفال . الإسكندرية : مركز الإسكندرية للكتاب .

-نبهان،يحيى(2004). طرايق التدريس الاجتماعيات و التطبيقها العلمية. ط1، عمان،الاردن: دارياڤا العلمية للنشر والتوزيع .

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

- Entwistle, N. (2001). Styles of Learning and Approaches to Studying in High Education, Journal of Studies in Higher Education, Vol. 30(5/6).
- Gerlach , S .Vernon & Ely , Donald .P.(1971) : Teaching and media. A systematic Approach – New Jersey.
- Marton F. And Saljo, R., (1976-b), On qualitative differences in learning: 11- outcome as a function of the learner, s conception of the task, British journal of Educational Psychology.
- McCarthy, B. (1990): Using The 4MAT System to Bring Learning
- Siddiqui, Z.S. (2006): Study Approaches of Students in Pakistan, Occasional Report (1), Higher Education Commission, Islamabad.

  Styles to Schools, Educational Leadership Journal, October.
- Vermunt, J.D. (1996): Metacognitive, Cognitive, and Affective Aspects of Learning Styles and Strategies: A Phenomenographic Analysis, Higher Education Journal, No. 31.
- Willing, K(1988). Learning Style Indult Migrant educations, Adel aid South Australia. National Gurricullum Research council.

## Learning Styles by Eighth - Graders in The Subject of History

**Bekhal Taha Ali**
Department of Social science, college of basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Bexaltaha90@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Halliz Antar Walle**
Department of Social science, college of basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
halliz.walle@su.edu.krd

***Keywords:*** *Learning Styles, History, Constrictive learning processes, Strategic Approached, Achievement Orientation*

## Abstract

The goal of this study is to discover how eighth-grade students learn about history and to comprehend the disparities in learning styles as male-female gender differences evolve. In his research, the researcher employed the method of analysis

description, and the society of this research. It consists of eighth-grade girls and boys in Erbil provincial center for the 2021-2022 school year, consisting of 8 primary schools with a total of 1,020 students, 500 boys, and 520 girls. The study sample, sampled 310 students, and the main test, which numbered 250 students. 125 male students, 125 female students. The study's sample included 60 male and female students, 30 male students, and 30 female students. The researcher used the 2015 Learning Styles Scale, which is composed of 30 sections, after collecting data, statistics, analysis and treatment using the SPSS statistical program by testing both statistical analysis tools, (Independent – Sample – T – Test) and the female student, whose purpose was to be an example of an exemplary test, was to extract honesty, prove and stabilize the learning methods scale, and the researcher used the 2015 Learning Styles Scale, which is composed of 30 sections, after collecting data and Statistics and analysis of treatment (One Simple t-test). The researcher determined that eighth-graders' learning styles are at a high level, and that male and female learning styles are not dissimilar.

## أساليب التعلم لدى طلاب الصف الثامن الأساسي في مادة التأريخ

### ملخص

الهدف من هذا البحث، معرفة أساليب التعلم عند طلاب الصف الثامن الأساسي في مادة التأريخ، و الاختلاف في أساليب التعلم حسب متغير الجنس (الذكر- الأنثى)، واستخدمت الباحثة في بحثها المنهج الوصفي التحليلي، كما يتكون مجتمع هذا البحث من طالبات وطلاب الصف الثامن الأساسي في المدارس المتوسطة محافظة أربيل للسنة الدراسية (2021- 2022) وعددهم (8) مدارس أساسية، ومجموعهم الكلي عبارة عن (1020) طالب، (500) منهم ذكور، و(520) طالبة من الاناث، وعينة البحث تتكون من (310) طالب وطالبة، والاختبار الرئيسي كان عددهم (250) طالب (125) منهم ذكور، و (125) من إناث، وقد بلغت عينة البحث الاستطلاعية، عددهم (60) طالبا، (30) منهم ذكور، و(30) منهن إناث. والغاية من هذه العينات الاستطلاعية، إخراج الصدق والثبات لمقياس أساليب التعلم، كما استخدمت الباحثة مقياس أساليب التعلم (جاري، 2015) يتكون من (30) فقرة وبعد جمع البيانات والاحصاءات والتحليل والمعالجة باستخدام برنامج احصائي (SPSS) واختبار أداتي التحليل الاحصائي , (Independent-Sample-T-Test) (one simple t-test)، توصلت الباحثة الى استنتاج مفاده رفع مستوى أساليب التعلم عند طلاب الثامن الأساس، ولكن حسب متغير الجنس (الذكر- الأنثى)، كما لا توجد اختلاف في أساليب التعلم.